# لاوکی هەڵەبجەو وەرزی سەهۆڵبەندان بە فارسی




(مرثیه، حلبچه) ناونیشانی هەردوو کتێبی (لاوکی هەڵەبجە، وەرزی سەهۆڵبەندان) ی (رەفیق سابیر)ە، کە لەلایەن (مەریوان هەڵەبجەیی)یەوە وەریگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و پاش مانەوەی چەند ساڵێک و رێگەنەدان بە چاپکردنی، بە سانسۆرەوە لەلایەن (ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاهەنگی دیگر)ەوە، کە هەردوو شاعیری ئێرانی شەمس لەنگەروودی و حافز موسەوی دەیبەن بەڕێوە، چاپ و بڵاوکراوەیەوە. وەرگێڕ لە بارەی بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەوە وتی: رەشنووسی وەرگێڕانی ئەم دوو کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکان، پاش ئەوەی چەند ساڵێک لەلام ماوەتەوە و چەندین جار پێیداچوونەوەم بۆ کردووە، چەند ساڵێک لەمەوبەر دام بە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەو بە هۆی ئەو سانسۆرە زۆرەی لە ئێراندا هەیە، رێگری دەکرا لەبەردەم بڵاوبوونەوەی، تا کۆتایی ساڵی 2007 بەناچاری رازیبووم بە کەمێک سانسۆرەوە بڵاوببێتەوە. دیارە ئەمە یەکەم ئەزموونی وەرگێڕانی شیعری رەفیق سابیر نەبووە بۆ من، چونکە پێشتر هەڵبژاردەیەکم لە کۆی بەرهەمەکانی وەرگێڕاوەو ئەویش هەر لەلای خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە ماوەتەوەو بەهۆی سانسۆرەوە تا ئێستا رێگای بڵاوبوونەوەی پێنەدراوە .هۆکاری بایەخدانی زۆرم بەم شاعیرە، دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتی و گرنگیی شیعرەکانی، کە پێموایە ئەزموونێکی تایبەتە لە شیعری کوردیداو توانیویەتی لە دەرەوەی ئەدەبی کوردی و لە ناو ئەدەبیاتی دونیاشدا قسەی خۆی هەبێت بۆ کردن .

حافز موسەوی شاعیرو رەخنەگری ئێرانی و بەرپرسی (ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوی ئاهەنگ دیگر) لەبارەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەی رەفیق سابیر– ەوە وتی: ئێمە ماوەی چەند ساڵێکە بە هۆی وەرگێڕانەکانی مەریوان هەڵەبجەییەوە ئاگاداری شیعری هاوچەرخی کوردین، بەتایبەتی شیعری رەفیق سابیر. کاتێک مەریوان لاوکی هەڵەبجە و وەرزی سەهۆڵبەندانی بۆ هێناین، پاش ئەوەی وەرگێڕانی شیعرەکان و بەگشتی هەردوو بەرهەمەکەمان پەسەندکرد، بڕیارمان دا هەردوو کتێبەکە لە کتێبێکدا بڵاوبکەینەوە. شیعری رەفیق سابیر هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و دەکرێت بە وردی قسەی لەسەر بکرێت. ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە لە چەند لایەنێکەوە ئەچێتەوە سەر ئەزموونی ئەحمەدی شاملو، نزیکیشە لە دنیای مەنوچەری ئاتەشییەوە. هەندێک تایبەتمەندیی نەتەوەیی و پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیی لەناو دونیای شیعریی ئەم شاعیرەدا هەیە و هەوڵەکانیش لەم مەجالەدا هەوڵێکی زۆر سەرکەوتوون. هەردوو کتێبی لاوکی هەڵەبجەو وەرزی سەهۆڵبەندانم زۆر بەلاوە جوانەو نامەوێت لێرەدا قسەیان لەسەربکەم، چونکە لە جێگایەکی تردا بە وردی لەسەر لاوکی هەڵەبجەم نووسیوە.